گتێرێس: داوا دەکەین دنیا بن لووی ئاگربەست لە غەزە ببێتە هەمیشەیی

ئەنتۆنیۆ گتێرێس سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی دووشەممە جەختی لە گرنگی گەیشتن بە سەقامگیری و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە، هاوکات داوای کرد کە ئاگربەست لە غەزە ببێتە هەمیشەیی.

گتێرێس لە وتارێکدا وتی: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قەناغێکی گرانکاری قووڵدا تێدەپەڕێت.

ناوبراو وتیشی: بڕبڕیانێکی نوێ لە لوبنان سەرهەڵدەدات و هێزەکانی یونیفیل پابەندن بە پشتیوانیکردنی گەلی لوبنان، هیوای خێی دەربڕی کە "ئاوارەی هەردوو دیوی سنووری نێوان لوبنان و قوارەی زایەنی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خێیان".

گتێرێس ئاماژەی بۆدا کە "ئاگربەستی نێوان لوبنان و ئۆو قوارەیە ناسکە بەڵام بردەوامە"، ئاماژەی بۆشکرد "گرنگە بە سوپای لوبنان هەموو خاکی لوبنان کۆنترۆڵ بکات".

گتێرێس لە کۆتاییدا وتی: داوا لە لایەنەکانی ململانێی غەزە دەکەم دنیابن لووی ئاگربەستەکە ببێتە هەمیشەیی و دەبێتە هێی ئازادکردنی هەموو بارمتەکان"، بانگوازیکی دووپاتکردەوە بە "دنیابوون لووی ئاگربەست دەبێتە هێی ئاشتییەکی هەمیشەیی".